گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بابەتە ژینگەییەکانی وێنەکێشانی دیواربەندی هاوچەرخ

**ئاڤان عیماد بکر**
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، عێراق
Avanguzal@gmail.com

**پ.د.مولود ئیبراهیم حسن**
زمانی کوردی, کۆلێژی زمان , زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، عێراق
Mawlud.hassan@su.edy.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٩/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٣
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**وشە سەرەکییەکان**
Art, Artist, Environment, Mural, Contemporary

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.4.7

## پوختە

ئێمە لەناو ژینگەدا دەژین، مرۆڤ و هەموو گیاندار و دار و ڕووەکێک ناتوانن لە دەرەوەی ژینگەدا بژین. کەواتە ژینگە کاریگەری لەسەر ئێمە هەیە و ئێمەش کاریگەریمان لەسەر ژینگە هەیە. مرۆڤ دوای ئەوەی پێشکەوتن و پێداویستییەکانی زۆربوون، ئەوا پاشماوەکانی کاریگەری گەورە و خراپیان لەسەر ژینگە هەبووە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییەکانی مرۆڤ و پاشماوەکانی مرۆڤ لەسەر ژینگە، هونەر یەکێکە لەو هۆکارانەی لە ڕێگەیەوە دەتوانین بەرگری لە ژینگە بکەین. لە لایەکی تر هونەر، بەتایبەتی هونەری هاوچەرخ بووە هۆکارێک بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵک لەسەر کاریگەییە نەرێنییەکان لەسەر ژینگەی هەوایی، ئاوی، وشکانی. ئەم توێژینەوەیەی ئێمە هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە (ڕۆڵ و کارایی ژینگەیی لە بەرجەستەکردنی وێنەکێشانی دیواربەندی هاوچەرخدا) لەسەر پیشاندانی کارەساتە ژینگەییەکان، لەسەر کاریگەرییە خراپەکانی مرۆڤ لەسەر ژینگە. توێژینەوەکەمان لە چوار بەش پێک دێت: باشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی پێکدێت، کە تێیدا گرفت و گرنگی و ئامانج و سنوور و پێناسەی زاراوەکان، توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو، لێرەدا توێژەر باس لە کێشەی لێکۆڵینەوە دەکات: ئایا لە ڕێگای کاری هونەریی دیواربەندی دەتوانرێت گۆڕانکاری بە سەر ژینگەدا

بهێندرێت؟ هاوکات پێناسەی زاراوەکانمان وەکوو زاراوەی: ژینگە و دیواربەندی و هاوچەرخ کردووە. بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە لە سێ تەوەرە پێک دێت وەک: ١. چەمکی ژینگە و جۆرەکانی، ٢. مێژووی دیواربەندی لە کۆن ٣. مێژووی دیواربەندی هاوچەرخ. بەشی سێیەم: میتۆد و جێ بەجێکردنی شیکاری توێژینەوە: پێک دێت لە شیکردنەوە بۆ چەند نموونەیەکی هونەری دیواربەندی هاوچەرخ. بەشی چوارەم: پێک دێت لە ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارمان خستۆتەروو، لیستی سەرچاوەکانیشمان داناوە.

## ١ -چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١-١گرفتی توێژینەوە

ژینگە خاوەن تایبەتمەندییەکە بە شێوەیەکی کاریگەر کار لە سەر دەروونی مرۆڤ دەکات بۆ دەرخستنی شوناسی مرۆڤ لە رووی شێوە ورەنگ وهەلسوکەوتەوە، چاوگێکی گرینگە بۆ بەخشینی بیرۆکە و داهێنانی مرۆڤەکان بە گشتی وهونەرمەندان بە تایبەتی، وپەیوەندی نێوان مرۆڤ وژینگە هێندەی مێژووی مرۆڤ کۆنە، وهاوکات زیانمەندترین بواری دەستی مرۆڤیشە، چوونکە مرۆڤ هەمیشە پاشماوەکانی خۆی لە بۆ ژینگە بەجێێ هێشتووە، بۆیە کاریگەریەکانی ژینگە لەسەر مرۆڤ وە پێچەوانەکەشی زۆرە، لە بەر ئەوەی مرۆڤیش هەمیشە دەستێوەردانی لەسەر ژینگە بەردەوامە، وبە شێوەیەکی گشتی دوو جەمسەری لەیەك جیانەبووە وەکو هاوکێشەیەی بیرکارین بۆ گونجاندنی شێوە وڕەنگ لە بەرامبەر یەکدا.

هەروەها هونەر بە گشتی وهونەری شێوەکاری بە تایبەتی، یەکێکە لەو بوارانەی ژیاندا کە مرۆڤ کاری لەسەر دەکات وەهاوکات ژینگە کاریگەری خۆی لەسەر مرۆڤ هەیە، بۆ چۆنێتی داڕشتنی شێوە وڕەنگ وتەکنیکی ئەو جۆرە هونەرە، لێرەدا بە کاریگەری ژینگە هونەرمەند کارەکانی خۆی دادەمەزرێنێت وە لە کاتی تەواوبوونی کاری هونەری، ئەو کارەیش بە قەبارەی خۆی کاریگەری لە سەر ژینگە دەبێت، بۆ نموونە کاری هونەری دیواربەندی یەکێکە لەو هونەرانەی کە هەمیشە لە ناو ژینگە دارشتنی لە بۆ دەکرێت وەکو ئیکسسواراتێکی تازەگەرایی جوانی ومانا بە ژینگە دەبخشێت، واتا زۆر جار پارچە

دارێك یان لادیوارێك یان هەرشتێکی دیکە هەبێت لە ڕێگای دیواربەندی دەکرێت ئەو پارچە دارە کارا بکرێت بۆ گوزارشت کردن لە شتێکی نوێ لە ناو ئەو ژینگەیە، یان لەبۆ جوانتکردنی ئەو جێگایە، وەئەمەیش وەکو کاری هونەری لە لایەك وحەز وخولیای مرۆڤەکان و لەلایەکی دیکەوە لەبۆ دەستێوەردانی ناو ژینگە.

بۆیە لەم توێژینەوەیەدا… توێژەر دەیەوێت ڕۆڵ وکارایی ژینگە بخاتە بەرچاو لە ڕووی بەرجەستەکردنی کاری هونەری دیواربەندی، وچۆنێتی بەرجەستەکردنی ژینگە لە کاری هونەری دیواربەندی وهەندێك جاریش خودی ژینگەکە بۆتە کارێکی هونەری، ڕۆڵی هونەرمەند تەنها دەرخستنی ئەو کاریە یان دەستکارێکی بچووکی دەکات بۆ تەواو بوونی ئەو شتەی کە نەبینراوە، لەهەندێك کاتیشدا ئەو ژینگەیە دەبێتە هۆی بیرکردنەوەی هونەرمەندەکە وەکو ئاماژەمان پێیدا، لە پێشەوە لە بۆ ئەنجامدانی کارێکی هونەری هەستپێنەکراو یان دۆزینەوەی شێوەیەکی نەبینراو واتا داهێنانێکی نوی، بۆ زانیاری زیاتر مەرج نییە ئەو کارە هونەرییە لە ناو ژینگەیەکی سەدا سەد سروشتی بێت بەڵکو هەندێك جێگا ژینگەکە دەستکردی مرۆڤە، لێرەدا لە تەواوی تێکەڵبوونی رەگەزەکانی ژینگەی سروشتی یان نا سروشتی وە ئەنجامی شێوە بینراوەکانی ناو ئەو ژینگەیە هونەرمەند دەبێتە هۆی دەرخستنی جیهانێکی تایبەتی خۆی لە ناو خودی ئەو ژینگەیە، وئەمەیش ئەستەمە خەڵکانی نا هونەرمەند درك بەو شتانە بکەن، چوونکە ئەمە پێویستی بە کەسانی شارەزا وپسپۆرە لەم بوارە، دواتر کەسی هونەرمەند دەست بە ئەنجامدانی کاری خۆی دەکات لە ڕێگای تەکنیك وشێواز ولە بەکارهێنانی فۆرمە سروشتیەکان بۆ ئەوەی بەرجەستەیان بکات وەکو کارێکی هونەری لە ئەنجامی کاراکردنی ژینگە وەکو فاکتەرێکی سەرەکی ژیان هەروەها لە بۆ جوانتکردنی ژیان لە رووی جوانییەوە ئەمە لە لایەك، وەکو هوشیاری وچارەسەرکردنی گرفتەکانی ناو ژینگە لە لایەکی ترەوە، چونکە زۆر جار ئەو زیانانە دەبینین کە مرۆڤ دەیانگەیەنێت بە ژینگە، ئەمەیش دەکرێت لە ڕێگای ئەنجامدانی کارە هونەرییەکانی دیوار بەندی چارەسەر بکرێن، بۆیە توێژەر لێرەدا کێشەی توێژینەوەکەی خۆی کورت دەکاتەوە بۆ چەند پرسیارێك لە لای خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ١- ئایا لە ڕێگای کاری هونەریی دیواربەندی دەتوانرێت گۆڕانکاری بە سەر ژینگەدا بهێندرێت؟

### ١-٢گرینگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوە دایە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی کەلتووری هونەری وجوانیناسی لە لای قوتابیانی پەیمانگا وزانکۆکان لە بواری هونەری شێوەکاری بە گشتی ووێنەکێشان بە تایبەتی، هەروەها دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی گشتی و کتێبخانەی زانکۆ بە گشتی وکتێبخانەی هونەری بە تایبەتی، لە هەمان کاتیشدا ئەم توێژینەوە دەبێتە هۆی تۆمارکردنی بزوتنەوەی شێوەکاری هاوچەرخ لە کوردستاندا.

### ١-٣ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی رۆڵ و کارایی ژینگەیی لەبەرجەستە کردنی وێنەکێشانی دیواربەندی هاوچەرخدا، هاوکات ئاشکراکردنی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بابەت و گرفتە ژینگەییەکان لە ڕێی هونەری وێنەکیشانەوە .

### ١-٤سنووری توێژینەوە

سنووری بابەت: ڕۆڵ و کارایی ژینگەیی لە بەرجەستەکردنی وێنەکێشانی دیواربەندی هاوچەرخدا
سنووری شوێن: چەند نموونەیەکی هەڵبژاردەی وێنەکێشانی دیواربەندی هاوچەرخ لە ئەوروپا
سنووری زەمەن: (٢٠١٠- ٢٠٢٢)

### ١-٥پێناسەی زاراوەکان

یەکەم: ژینگە (البيئةEnvironmen)

ا. لە ڕووی زمانەوانییەوە

مرۆڤ لەوەتەی هەیە ئاشنای ژینگەیە، چونکە دیاردەیەکی ژینگەییە، بۆیەش ڕەنگە هێندەی مرۆڤەکان پێناسەمان بۆ ژینگە هەبێت. بۆ نموونە ژینگەی کشتوکاڵی، ژینگەی پیشەسازی، ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی سیاسی...تاد. ژینگە لە ڕووی زاراوەوە لە وشەی(Eco) ی ئینگلزییەوە هاتووە. دواتر وەکوو

زانست ناوی هاتووە .(Ecology) سەرەتا فەیلەسووفی ئەڵمانی ((هیگڵ بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٨٦ دایهێناوە. وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو وشە پێکهاتووە، وشەی یەکەم "Eco- Oikes" واتای ماڵ یان خانوو دەدات، وشەی دووەم Logy- Logos بە واتای زانست دێت.)) [قەرەداغی: ٢٠١٥: ١٤]

ب. لە ڕووی چەمکەوە

ژینگە شوێنێکە گیانداران (بە مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک و زیندەوەرەکان) تێیدا دەژین. هەر گیاندارێکیش ژینگەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ڕووی فیزیکی و جەستەییەوە لەگەڵی گونجاوە. کەواتە ((بریتییە لەو ناوەندە سروشتیە هاوسەنگەی کە زیندە بوونەوەران بە هاوسەنگی تێیدا دەژین. پێکدێت لە کۆمەڵێک هۆکار و گۆڕانکاری کیمیایی و فیزیای و بایۆلۆجی لە چوارچێوەی جوگرافیای بوونەوەراندا کە تێیدا دەژین.)) [عبدالقادر و هاوکارانی: ٢٠١١: ٢٠]

ج. لەڕووی کردارییەوە

ژینگە بریتییە لە ناوەندێک، دیاردە سروشتییەکان لەخۆ دەگرێت، مرۆڤ و ئاژەڵ و زیندەوەرەکان چالاکییە سروشتییەکانی خۆیانی تێدا ئەنجام دەدەن. کاریگەریان لەسەر ئەو ناوەندە هەیە و ناوەندە ژینگەییەکەیش کاریگەری لەسەر ئەوان هەیە.

دووەم: دیواربەندی (الجدارmural)

ا. لە رووی زمانەوانییەوە

هونەری و وێنەی دیواربەند کۆنترین شێوەی دەربڕین و گوزارشتکردنی مرۆڤە لە خۆی و دەوروبەری، ئەمەیش هەر لە وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان دەگرێتەوە تاکوو هونەری مۆدێرن و ئێستا لەسەر دیوارەکان. وشەی هونەری دیواربەند لە ئینگلیزی(Mural Art) ی پێ دەڵێن. لە بنەڕەتدا زاراوەی (Mural)لە لاتینییەوە هاتووە. کەواتە زاراوەکە لە بنەڕەتدا لە زاراوەی Murus هاتووە، کە ناوە، واتای دیواری دەرەوە دەگەیەنێت. [ https://en.wikipedia.org/wiki/Mural ]

ب. لە ڕووی چەمکەوە

هونەری دیواربەند پارچەیەکی هونەرییە، ڕاستەوخۆ لەسەر دیوار، یان بنمیچی خانوو و شوێنێک وێنەی دەکیشرێ. ئەم هونەرە "لقێکە لە هونەری وێنەکیشان لە مێژووی کۆن و نوێدا بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە، قۆناغی زۆر بڕیوە." [الهجان وآخرون: ٢٠١٣: ٥٧٣]

ج. لەڕووی کرداریەوە

بریتییە لە کاریگەرییەکی ئێستاتیکی فیکری لەسەر زەین و هۆشی بینەرەکان، ئەمەیش بە ئامانجی دەربڕینی هەڵوێستی هونەرمەندە. بۆ نموونە لەم ڕێیەوە هونەرمەند دەتوانێت کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی بینەرەکان دابنێت بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هوشیاریی ژینگەیی. هەندێک جار دیواربەند لەسەر خواستی کەس و لایەنەکان دەبێت. هاوکات ئەم فۆرمەی هونەر وەکوو ئاراستە و شێواز و بزووتنەوەیەکی هونەری دەردەکەوێت، نیشانە و دەلالەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، پیشەسازی و زانستییە. واتە هونەری وێنەکیشانی دیواربەند دەلالەتە لە گۆڕانی ڕۆشنبیریی نوێ و هاوچەرخ، کە پێشتر تەنیا لە هۆڵەکانی پیشانگا هەبوو.

سێیەم: هاوچەرخ (المعاصرContemporary )

ا. لەڕووی زمانەوانیەوە

ئەم دەستەواژەیەی (هونەری هاوچەرخ) لە دوای ساڵانی١٩٨٠واتای تایبەتی سەرهەڵدانی ئەم دەستەواژەیە تەنها بۆ زمانەوانی نەبوو، هەروەک بیرۆکەی (مۆدێرن ئارت) کە پرۆژەی هونەرمەندانی پێشڕەو بووە، کە سەر هەڵدانی هونەری (Impressionnisme) زاراوەی (هونەری هاوچەرخ) وەک گوتراوێک لەکاتی خۆی هیچ ئاماژەیەک نییە تەنها لایەنگرێک بۆ ئێستاو داهاتوو. [جیمینز:٢٠١٢: ١٠٢]

ب. لەڕووی چەمکەوە

هونەری هاوچەرخ دەبێت بەبەردەوامی نیشانەکانی ئازادی و باڵادەستی خۆی بەرجەستە بکات، لەڕێگەی جیاکردنەوەی بەرهەمەکانی لەو کلیشەیە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵ و ڕەزامەندی گشتی کەواتە دەتوانێت دۆخی نادیاریی یان تەنانەت بێزاری بەکاربێنێت تا ئەو ڕادەیەی کە دەبنە نەریت لە خۆیان. [ستالابراس: ٢٠١٤: ١٤]

ج. لەڕووی کرداریەوە

هاوچەرخ بەواتای ژیان لە ئێستا دا لەگەڵ ڕووداوەکانی ئێستادا بوونی پەیوەندی بەردەوام هەمیشەیی لەگەڵ ئەو سەردەم و کاتەدا، واتە هاوتابوون لەگەڵ چرکە ساتەکانی سەردەمدا کەواتە هاوچەرخ بەمانای ئێستا دێت. هاوچەرخ وشەیەکی گشتگیر ترە، چونکە مامەڵە لەگەڵ چەندین بنەمای

مۆدێرنە¬ دەکات، واتا قووڵبوونەوەیەکە بۆ مۆدێرنە بەو مانایەی بەردەوامییەکە بۆ هونەری مۆدێرنە، واتە قووڵ بوونەوە لە هونەری مۆدێرنە و درێژە پێدانی لە زەمەنێکی هاوچەرخدا .

## ٢ -چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### ١-٢ چەمکی ژینگە

لەبەر ئەوەی ناتوانرێت مرۆڤ لە ژینگە جیابکرێتەوە وە ژینگەش لەیەک کاتتدا ناوەندێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی و شارستانیە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مرۆڤ و هونەرمەندان و بیرکردنەوەیان هەیە. ژینگەش دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی زۆر لەکارە هونەریەکان بۆ هونەرمەندان. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی یان ئەو شوێنەی کە لێی دەژی دەبێتە هۆی بەرجەستەکردنی یان پەیدابوونی وێنەیەکی جوان و ناوازە وە ناوەڕۆکێکی هونەری جوان و زیندوو. چەمکی ژینگە وەکوو سیستەمێک لێکبدەینەوە، چونکە ژینگە سیستەمێکی هەیە و بە گوێرەی ئەو سیستەمە بەڕێوە دەچێت. کەواتە "سیستەمی ژینگەیی کۆمەڵێک توخمی زیندوو و نازیندووە کە بەیەکەوە تەواوکار و کارلێکراو لەگەڵ یەکتر کار دەکەن، دیارنەمان و ئامادەنەبوونی هەر توخمێک لەو توخمانە نێگەتیڤانە کار دەکاتە سەر سیستەمکە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەم کۆسیستەمە بە گوێرەی پلانێکی سیستماتیکی بەڕیوە دەچێت، بەرنامەیەکی تێگەیشتووانەیە لە تەرازووی حیسابکراواندا کە مەحاڵە هەڵە و بێئاگایی تێدا بێت، ئەمەیە کە پێی دەڵێن سیستەمی ژینگە."[عەجورە: ٢٠١٤: ١٣]. چەمکی ژینگە گرنگیدان بە ژینگە لە گرنگترین ئەو لایەنانەن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیان و گرفتەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە، چونکە ژیانی مرۆڤ پەیوەندی بە سەلامەتی ئەو ژینگەیەوە هەیە، کە تێیدا دەژی. بۆیە ناتوانین مرۆڤ لە ژینگە جیا بکەینەوە. بڕوای وایە ژینگە تەنیا چوارچێوەیەکی سروشتییە بۆ تێدا ژیان، کاریگەری ڕاستەوخۆ و کارای لەسەر ژیان و ڕەفتار و پێوەندی بە مرۆڤ بە ئەوانی ترەوە هەیە .

جۆرەکانی ژینگە:

وەکوو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، چەمکی ژینگە تەنیا ژینگەی سروشت ناگرێتەوە، بەڵکوو چەند جۆرێکی هەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ژینگە و زانستە مرۆڤایەتییەکان بەناویەکداچوون و سوود لە یەکتری وەردەگرن. تاک بە گوێرەی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوەی دەگۆڕێت، جۆرەکانیش بریتیین لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١.ژینگەی سروشتی:

سروشت خۆی جیهانێکی سەرنجڕاکێشە، هاوکات جیهانێکی نهێنی ئامێزە بەردەوام جێگەی سەرنجی مرۆڤ بووە. ژینگەی سروشت پێکهاتەکانی بریتیین لە ئاژەڵ، ڕووەک، چیا، دەریا و ڕووبار و دەیان پێکهاتەی دیکە. لە سەرەوە هەندێک نموونەمان لە کاریگەری سروشت لەسەر مرۆڤ و کاری هونەری کرد. کەواتە هەم ژینگەی سروشتی کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە و هەم مرۆڤ کاریگەری لەسەر سروشت هەیە. "کەواتە ژینگەی سروشتی ئەو پێکهاتانە دەگرێتەوە کەوا لەدەورووبەرمان بونیان هەیە وە مرۆڤ دەستی نیە لە دروست بونیان"[الجیوفل: ٢٠٢٢]. سروشت شتێکی هەستپێکراوە، مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی کۆی هەستەکانییەوە درک بە سروشت بکات. کەواتە سروشت لە ڕێگەی هەستەکانی مرۆڤەوە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و خەیاڵ و هەستی مرۆڤ دەبێت. واتە سروشت کاریگەرترین فاکتەرە لەسەر هەست و خەیاڵی مرۆڤ. سروشت گاریگەری لەسەر مرۆڤ دەبێت، هەستی هونەرمەند لە هەر کەسێکی تر زیاتر دەکەوێتە بەر ئەم کاریگەرییە، هەوڵدەدات لە ڕێگەی هونەرەوە دووبارە جوانییەکانی ناو سروشت دابڕێژێتەوە. "پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەی سروشتەوە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، مرۆڤ ناتوانیت لە دەرەوەی سروشت بژی."٠ [ریاض: ١٩٧٣: ٢٧] مرۆڤ و ژینگەی سروشت کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر یەکتری هەیە، بۆیە مرۆڤ بە هۆی کاریگەرییەکانی ناو سروشت بووە بە چەندین هۆز و نەتەوە، هەر هۆز و نەتەوەیەک بە گوێرەی ئەو سروشتەی تێیدا دەژی دەناسرێتەوە. بۆ نموونە ئەسکیمۆکان بە گوێرەی ئەو ژینگە و سروشتەی تێیدا دەژین، ڕاهاتوون لەگەڵ بەستەڵەک و سەرما و بەفر. هونەرەکەشیان گوزارشت لەو ژینگە و سروشتە دەکات. وەک لەوێنەی (١) دادەبینرێ. باس لە توانەوەی بەفری ئەسکیمۆ دەکات، کە گوزارشتە لە تێکچونی ژینگە لەو شوێنە.



وێنەی (١) کۆمەڵێک هونەرمەند: گریانی ئەسکیمۆ (٢٠١٦)

٢ .ژینگەی کۆمەڵایەتی:

ئاشکرایە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، واتە مرۆڤ ناتوانێت لە دەرەوەی کۆمەڵگادا بژی. ئەمەش ڕاستەوخۆ وا دەکات مرۆڤ بکەوێتە بەر کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان و هەر گۆڕانێک لە بواری کۆمەڵایەتیدا ڕووبدات، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبێت. کاتێک باس لە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەکەین دەبێت لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە پێناسەی ئەم جۆرە ژینگەیە بکەین. بە بڕوای (احمد زەکی بەدەوی) ژینگەی کۆمەڵایەتی ''ئەو ژینگەیەیە کە سیستەم و یاسا و ڕێسا و نەریت و داب و بەها و فۆڕم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و زمان و ئایین و هەڵومەرجی سیاسی و ئابووری و پەروەردە و ڕاگەیاندن و هونەر و ئەدەب و ڕەوشی تەندروستی لە خۆی دەگرێت.'' [بدوی: ١٩٨٦: ١٢٦] کەواتە ژینگەی کۆمەڵایەتی هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە هەندێکی تر بڕوایان وایە ژینگەی کۆمەڵایەتی ''بریتییە لەو ناوەندە کۆمەڵایەتیەی، کە مرۆڤ چالاکییە ڕۆژانەییەکانی ژیانی تێدا ئەنجام دەدات. ئەم ناوەندە هەموو زیندەوەران و ئاژەڵ و ڕووەک دەگرێتەوە، کەدەرخەری پەیوەندی مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەری خۆی.'' [عبدالحمید: ١٩٩٨: ٨٩] کەواتە دوای ئەوەی مرۆڤ لە شوێنێک سەقامگیر بوو و نیشتەجێ دەبێت، ئەوا کۆمەڵگە پێکدەهێنێت. ژینگەی کۆمەڵایەتی دەبێتە کاریگەرترین هۆکار ڕەنگدانەوەی لەسەر چالاکییەکانی مرۆڤ دەبێت. هونەرمەند وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لە هەموو کەس زیاتر دەکەوێتە ژێر ئەم کاریگەرییە.

ڕۆڵی ژینگە لە هونەردا گرنگە، کە ژینگە و مرۆڤ کارلێک دەکەن. هەر لە ڕێگەی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە بیرۆکە و شێواز و تەکنیکی هونەری خۆی هەڵدەبژێرێت. کارە هونەرییەکانیان گوزارشت بووە لە واقیع و ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەو کات. بۆ نموونە لەناو ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێستاشدا، هەمان کێشەی کۆمەڵایەتی مان دێتە بەردەم کە کۆمەڵگا پێوەی دەناڵێنێت. وەک هونەرمەند (هیجاکHIJACK) کە لەکارەکانی دا باس لە کێشە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەکا. وەک وێنەی (٢) دا دەبینرێت

.



وێنەی (٢) هیجاک :HIJAC هۆلیود: ٢٠١٨

## ٢-٢ مێژوویی سەرهەڵدانی وێنەکێشانی دیواربەندی لە شارستانییەتە کۆنەکاندا.

ئەشکەوتی لاسکۆ و تەمیرا :(Lascaux, Cave of Altamira)

سەرەتا دروست بوونی هەموو کارێکی کرداری هونەری وێنەکێشانی دیواربەند وەک نیگارە سادە و سەرەتاییەکان کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان سەری هەڵداوە نەخشێندرابوون. ئەمە لەسەرەتای قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بووە، ئەم نەخشێندراوانە وەک یەکەم هەنگاو ئەژمار دەکرێت کەلەلایەن مرۆڤە سەرەتایەکانەوە دەستی بۆ بردرابێت." لە ئەشکەوتەکاندا مرۆڤ کە نیگاری کێشاوە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، هەوڵیداوە لە بونیادەکانی نێو سروشت چەند ڕەنگێک دروست بکات وەک (ڕەش و سۆر) تا بتوانێ وەک ماتریالێک بۆ نیگارکێشان بەکاری بهێنێت، وە ئەو ماتریاڵانەی کە بەکار هاتوون لە دروست کردنی ڕەنگی سوردا، بریتی بووە لە خاکی ئۆکسیدی (تربة) کە پێکهاتووە لە ڕێژەیەکی زۆر لە ئۆکسیدی ئاسن و خوێنی ئاژەڵ، هەروەها ڕەنگی ڕەشیان لە خەڵوزی دار و جۆرێک لە خاک کە پێک هاتووە لە ڕێژەیەکی زۆر لە ماتریاڵی مەنگەنیزو ئێسقانی ئاژەڵ دوای سوتاندنی هەروەها بەکار هێنانی پێستەو توکی ئاژەڵ و پەڕی باڵندە وەک فڵچە بەکاریان هێناوە لە نیگارکێشاندا. مێژووی دروستکردنی نیگاری سەر دیواری ئەشکەوتەکان لەنێوان ساڵانی (٣٠،٠٠٠- ٣٢،٠٠٠) ساڵ بەر لە زاینی".[صاحب و الخطاط: ١٩٨٧: ٢٦]. مرۆڤەکان سەرەتا لەنێو ئەشکەوتەکان ژیاون و هاوکات دەست بردن بۆ وێنە کێشی بەشێک بووە لە گوزارشت و پەیامی ئەوسای ژیانی نێو ئەشکەوتەکان، ئەمیش بەنەخشاندنی وێنە لە بنمێچ و دیواری ناوەوەی ئەشکەوتەکانەوە. وێنەی دیواری ئەشکەوتەکانی لاسکۆ و تەمیرا لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی ئاژەڵەکان دروستکراون، دانانی ڕەنگەکان بەشێوەی سروشتی خۆیان. لە سەرەتاترین وێنەی دیواری ئەشکەوتەکانی لاسکۆ و تەمیرا کە مرۆڤ ئەنجامی داوە وەک وێنەی (٣) دا دیارە لە ئەشکەوتی تەمیرا، مرۆڤەکان هەوڵیان داوە وێنەی ئاژەڵەکان

بکێشن لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان بۆ کۆمەڵێک ئامانجی تایبەت. لە هەندێ شوێندا ئاژەڵی نامۆ بەرچاوو دەکەون. هەروەها زۆربەی وێنەکان بەرەنگی رەشن، جگە لەمەش لە هەندێ شوێندا رەنگی (زەردی لیمۆیی) و (سور) بەکار هاتوون، زۆربەی ئەو وێنانە بە هێڵی رەش کێشراون و بەهۆی رشاندنەوە رەنگ کراون، واتە بەهۆی پەڕی باڵندە یان قامیشیان هێناوە بەهۆی فوولێکردنەوە رەنگیان کردوون. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە وێنەکان بۆ چەند قۆناغێك دەگەرێنەوە. ''دیواری ئەشکەوتەکانی لاسکۆ و تەمیرا چەند سیفات و گرینگی یەکی هەیە وەک وێنەکان زۆر هاوتا بوونە لەگەڵ سروشت کە هیچ زیادە ڕۆیی نەکراوە لە وێنەکاندا، زۆر سادەو ساکار بووە، زۆربەی زۆری زیاتر لە کاتی جووڵەدا بوونە وەک و ڕاکردن و پازدان یان هێرش بردن یان ڕزگاربوون لە ڕاوچیەکان، وێنەکانیش تاک تاک نیە بەڵکو بە کۆمەڵ کێشراون، زیاتر لایەکی دیارە بەشێوەیەکی ئاڵۆزو ناڕوون درووست نەکراون بەڵک و ڕوون و دیارن، وە پەیوەندیشیان بەیەکەوە هەبووە. [الصراف: ٢٠٠٤: ١٤] هەمان سەرچاوەی پێشتر.



وێنەی (٣) ئەشکەوتی تەمیرا لە ئیسپانیا

هونەری ڕێنیسانس:(Renaissance)

قوتابخانەی وێنەکێشانی ڕێنیسانس دەگەرێتەوە بۆ وێنەکێشێکی لێهاتوو لە فلۆرەنسا بەناوی (ماساشیۆ) (Massacio ١٤٠١ -١٤٢٨). وێنەکێشێکی ئیتاڵییە، لە گەورە هونەرمەندانی سەردەمی ڕێنسانسە لە ئیتاڵیا. وێنەکێشانی شێوەکاری نزیك خستەوە لە شێوە سروشتییەکان و ئەوەش بە بەکارهێنانی ئەو نموونە و مۆدێلانەی زۆر لە بابەتی وێنەوە نزیك بوون و لە دۆخی سروشتی و نیوە زیندوودا دانیان. هەروەها کاریگەریی تیشك و کەشی دەوروبەر واقیعییەتێکی نوێی خستە سەر کارەکانی. هونەری ماساشیو جێی سەرسامیی زۆرێك لە هونەرمەندانی ناوداری ئیتاڵیا بوو، وەکوو: مایکڵ ئەنجیلۆ و ڕافائیل. "یەکێک لە باشترین کارەکانی بریتییە لەو دیوارانەی کە بۆ پەرستگاکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کێشابوو، کە بۆدیواربەندیەکانی برانکاتشیە لە کەنیسەی سانتا ماریا دێل کارمین لە فلۆرانسا، لە ساڵی ١٤٢٧دا. ئەم وێنانە چەندین بابەتی ئینجیل و ڕووداوەکانی پەیوەست بە مەسیح نیشان دەدات، وەک بابەتی ستایش، یەکێک لە دیارترینی ئەم وێنانە تابلۆیەک کە نوێنەرایەتی "دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت دەکات" بابەتەکە پیاوێک و ژنێک دەخاتە ڕوو کە لە دەرگایەکی لای چەپەوە دێنە دەرەوە، کاتێک لە لووتکەی فریشتەیەکی فڕین لە ئاسمان دەردەکەون و دەریاندەخات بۆ دەرەوە، و قووڵایی زنجیرەیەک لە شاخەکانی نیشان دەدات و بە خوێندنی ئەم وێنەیە سەرنجی بەرژەوەندی "ماساتشو" دوو کەسی سەرەکی لە بابەتەکە دەدەین، (ئادەم و حوا) کە لە قەبارەیەکی گەورەدا وێنەیان کێشراوە و ڕووبەری سەرەکی وێنەکە داگیر دەکەن وەک وە ئێمە هەست بە جوڵە دەکەین کە لە کاتی هەنگاو نانی قاچەکانیان لە وێنەکەدا."[علام: ١٩٧٦: ٦٧]. وەک لەوێنەی (٤) دادەبینرێت. شێوازی مازاشیو بەتەواوی واقیعی و مەزنە، ڕوونکەرەوەی ئەمەش ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم وێنە دیواربەندیانەی وی بوونە قوتابخانەیەکی فراوان بۆ هەموو هەنەرمەندە ئیتالی یەکان کە تێیدا فێربوون وەک (داڤنشی و رافائیل). زۆربەی ئەو کارە دیواربەندیانە دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی پازدە. ئەم شێوازە نوێیەشی ناسراوە بە واقیعییەت و سەنگینی و ئیکۆنۆمی و، بە ڕێگای دابەشکردنی ڕووبەر و تیشك، نزيك بوو لە هونەری مرۆیی .



وێنەی (٤) مازاشیو: (دەرکردنی ئادەم و حەوا لە بەهەشت)

جوڵانەوەی دیوار بەندی لە مەکسیک:(Mexican Muralism)

دیواربەندی مەکسیک بە یەکێک لە هەرە گرینگ ترین و بەهێزترین دەستکەوتی هونەر دادەنرێت بەگشتی لەسەدەی بیستەمدا ئەمەش بەهۆی شەری ناوخۆ بووە هەوێنی دروست بوونی ئەم جوڵانەوەیە، لەسەرەتای ئەم جوڵانەوەیەدا ئەم حوکمەتە لەلایەن شۆرش جێڕان دامەزران داوای لە هونەرمەندان کرد بۆ دامەزراندنی ڕۆشەنبیری نەتەوەیی نوێ. زۆر بەرنامە دانرا بۆ جێبەجێکردنی کاری دیواربەندی، بیرۆکەکە بە گشتی وابوو کەوا پەیامی هونەر بەئاسانی بگاتە بینەر. چەند هونەرمەندێکی دیار لەم جوڵانەوەیە پەیدا بوون. "ئەم هونەرمەندانەی کە سەرقاڵی ئەم هونەرە بوون، لەپاڵ کاریگەربونیان بەڕەهەندی سیاسی وڵات، کاریگەریش بوون بەژمارەیەک بزاڤی هونەری ئەوڕوپی، لەوانە ڕێنیسانس و پۆست و ئینپرێشینیزم و کیوبیزم و ئیکسپرێشینیزم و سیمبۆلیزم و سوریالیزم. هاوشا، سودیان لە میرات و کلتوری و هونەرەکەی خۆشیان بینیبوو؛ بۆ نمونە هونەری فۆلکلۆری مەکسیکی. لەدیاردەترین هونەرمەندەکانی بزاڤی مۆرالیسمی مەکسیکی بریتی بوون لە (خۆزی کلیمێنت ۆرزۆکۆ) (١٨٨٣- ١٩٤٩)، (دیۆگۆ ریڤێرا) (١٨٨٣- ١٩٥٧) (دایڤد ئەلفارۆ سکوێرۆس) (١٨٩٦- ١٩٧٤) هەرسێکیان پێکەوە نازناوی سیانەی مەزنەکەیان (The big three) پێبەخشرا."[هۆچ: ٢٠١٧: ٢٣٢]. هونەرمەند داڤید ئەلڤارۆ بەدەنگی میلەت ناسرابوو بەهۆی ئەوڕێگایەی هەڵیبژاردبوو، کە گیانی شۆرش گێری و بەرەنگار بوونەوە لەکارەکانی بەدی دەکرا، یەکێک بوو لە هونەرمەندە هەرەگرینگەکانی مەکسیک بەشێوەیەکی تایبەتی وە ئەمریکای لاتینی بەگشتی، ئەم هونەرمەندە هەر لەمنداڵیەوە هەستی بە گرینگی هونەر و ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری هەبێت لە قۆناغەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لەبواری پێشکەوتنی هەستی مرۆڤ و تێگەیشتنی. یەکێک لە دیواربەندیەکانی بەناوی (مەشقی هەمە چەشن) بوو، وەک لەوێنەی (٥) دا دەبینرێ. ئەم وێنە دیواربەندیە شوێنی تایبەت بە یاری کردن بوو، شوێنەکە ئاڵۆز بوو بۆ وێنەکێشان، دیوارەکان چەماوە بوون و بچوک و تەسک بوون، ڕووناکیەکی کەم لە شوێنەکە دەدا، وێنەکە ئاماژەیە بە چەند کەسایەتیەکی ئافرەتی تەواو رووت، هەموو ئافرەتەکان قاچیان خستۆتەوە سەر یەک تەنیا یەکێکیان، زانایان و شارەزایان بۆیان دەرکەوت کەوا ئەو ئافرەتەک قاچی وەک و ئەوانی تر نەخستۆتە سەر یەک هێمایە بۆ ئەو ئافرەتەی کەلێی جیابۆتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (٥) دایڤد ئەلفارۆ سکوێرۆس: (مۆزەخانەی کاسا رۆسادا، لەشاری بیونس ئایرنس، ئەرجەنتین) ١٩٣٣

### ٣-٢ مێژوویی سەرهەڵدانی وێنەکێشانی دیواربەندی لە هاوچەرخدا.

هونەری دیواربەندی هاوچەرخ :(Mural Art Contemporary)

دیواربەندی هاوچەرخ ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتە گشتگیرەکانی تێگەیشتنی هونەری نوێ وەرێگاکانی دەربڕینە بۆ ئەو هونەرە. بەدەست پێکی تێڕوانینی هونەرمەند بۆ کۆمەڵگاو هونەر وە تێڕوانینی کۆمەڵگاش بۆ هونەر، ئەم پێش کەوتنەش لە ئەنجامی پیشکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی هاتەکایەوە، بۆیە پێویستی کرد هونەر بازدانێکی جۆری گرینگ بەخۆیەوە ببینێت، کەوا لەگەڵ ڕوداوەکانی ڕۆژانە هاوتەریبە. دیواربەندی وێنەیەکی سەردیوارە هونەرمەندەکە لەبری ئەوەی وێنە لەسەر تابلۆ بکات، تابلۆکە لەسەر دیوارێک وێنە دەکیشێت واتا دیوارەکە وەک تابلۆیەک نیشانی کۆمەڵگا دەدات. دیواربەندی کاریگەری زیاترە لە تابلۆیەکی ناو مۆزەخانە، چونکە بینەر ڕاستەوخۆ لەسەر شەقام دەیبینێت و کاریگەری زیاتری لەسەر دەبێت. "پێشکەوتنی بازرگانی و پیشەسازی و بیناسازی لە ئەوڕوپا، هەروەها تازەبوونەوەی پێوەرەکانی چێژو بینین و ئیستێتیکای ژینگە، لەپاڵ هەموو ئەمانەش خۆشەویستی و ئارەزووی فراوانی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بۆ دیکۆر و تێرکردنی چاوی خۆی، لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تەکانێکی وردە وردە و فراوانی دایە پێشکەوتنی هونەری دیواربەندی؛ تا لە ساڵانی (١٩٧٠) دا لە فەرەنساو پاشان لە هەموو ئەوڕوپادا بەتەواوەتی برەوی سەند. تەنانەت ئەمڕۆ وای لێهاتووە هیچ بستێک لەشوێنە سەرەکی و گشتیەکانی پایتەختەکانی شارەگەورەکانی ئەوڕوپا نەماوە کە دیوارەکانی بە دیواربەندی نەڕازابێتەوە" [پیربال: ٢٠٠٣: ١٩]. گرینگترین شێوەکانی هونەرە کەوا لەو سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین، ژمارەی بینەرەکان و شوێن کەوتوەکانی لەجیهاندا لە زیاد بووندان. ئەوەی دیواربەندی جیادەکاتەوە دەربڕینی بەردەوامی ژیانە وە لەسەردەمی ئێستا دا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیواربەندی هاوچەرخ گشت پەیامەکانی کۆمەڵگا بەگشت بوارەکانیەوە بەبێ سانسۆر بەدەردەخات، کراوەیە بۆ گشت چینەکانی کۆمەڵگا. لەگەڵ پێش کەوتن و گۆڕانکاریەکانی جیهان هونەریش بەرەو گۆڕانکاری و بەرەو پیش چوون دەڕوا، هونەر دەبێتە ئیلهامێک بۆکاری ژینگەیی و بەرەنگاربونەوە، هەربۆیەش دیوارەکانی شار دەبێتە شوێنێک بۆ پەیامی هونەری گرینگ لەشەقامەکان، وێنەکیشانیش لەسەر دیواری شەقامەکان بە باشترین شوێن دادەنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و ئەو دروشمانەی کە باس لە ژینگە پارێزی و گۆڕانکاری ئاوهەواو لە گۆی زەوی دەکەن بەگشتی. چەند هونەرمەندێک کاریان لەسەر بابەتی ژینگەیی و بابەتی جۆراو جۆر کردووە لە هونەری هاوچەرخ وەک:

بانکسی (Banksy) و نەتالیا راک (Natalia Rak) و پیجاک (Pejac) و بلو (Blu) و ڕۆا (ROA) وئیدواردۆ کۆبرا (Eduardo Kobra) و جولی (July) و پۆبێل (Pobel) و نێڤەر کریو (NEVERCREW) و هیتر..."بانکسی ) (Banksy) ویژدانی جیهانێکی زیندوو، لەوچەند ساڵەی کەوا جیهان بەچەند قۆناغێکی سەختدا ڕەت دەبێت لەبواری ژینگە و گۆرانکاری کەش و هەوای گۆی زەوی وە وولاتە زلهێزەکان هێزی خۆیان دەسەپێنن لەسەر بێدەسەلاتەکان. بانکسی یەکێکە لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی ئەو جۆرە هونەرە، چونکە وێنەکانی ناوبانگێکی جیهانی گەورەیان بەدەست هێناوە. یەکەمین وێنەی بانکسی لەسەر دیواری شاری بریستۆل، لەندەن دەرکەوت. یەکێک لەدیارترین وێنەی دیواربەندیەکانی بەناوی (ناسنامەی کەر) کە لەساڵی (٢٠٠٧) لە (بیت لحم) لە فلستین. هەرچەندە ناسنامەی ئەم هونەرمەندە نادیارە، ئەگەری ئەوەی هەیە کە بەریتانی بێت. ئەوەی بانکسی جیادەکاتەوە کە شێوازی ناوازەی تابلۆکانی ئەو بابەتانەیە کەوا ویژدانی جیهان دەجوڵێنێت. "[الشريف: ٢٠٢٠]. هەر وێنەیەک لە وێنەکانی بانکسی دەتوانین بڵێین شۆڕشێکە لە بەرەنگاربوونەوەی سیستەم لەجیهاندا لە دژی کێشەکانی سەردەم. بانکسی گشت بەهرەکانی خستۆتە گەڕ بۆ ڕاگەیاندنی تورەبوون و ڕەتکردنەوەی سیستەم. "بانکسی هەواداری زۆرە لەجیهان زۆر حەز دەکەن کە بزانن بانکسی کێیە، وەنرخی تابلۆکانی لە جیهان بەرزبوونەوەیەکی یەک جار زۆر بەخۆوە دەبینن لە بازاڕی هونەری جیهانی. لەڕۆژی پەنابەری جیهانی لە پاریس دیواربەندیەکی کێشا وەکو کارەکانی پێشتر کە ناوبانگی پەیا کردووە. جگە لەدیواربەندیەکانی تری بانکسی کەوا لەگەڵ ڕوداوەکانی ڕۆژ لە جیهان هاوتەریبن .[https://www.france24.com/]. "هونەرەکەی وەک ئامرازێکی پەیوەندی کردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی نارەزایی لەلایەنی کۆمەڵگاوە یان کێشە ڕامیاریەکانی جیهان وە تەنانەت لەدژی سەرکردەی وڵاتان."بانکسی دژە جەنگ و شۆڕشگێڕ و خەمخۆری ژینگە و پەنابەر و مرۆڤ و منالْ و هیتر.. بۆیە بەدیواربەندیەکانی ئەم بابەتە هەستیارانە دەورژێنێ و شۆکمان دەکات. بۆیە بە هونەرمەندێکی ئەفسانەی گرافیتی ئەو سەردەمە دادەنرێت، شوێنێکی گرینگی لە کەسایەتیە بەناوبانگە جیهانیەکان هەیە لە وشیار کردنەوەی جیهان لە گرفت و دۆزی سەردەم، توانیویەتی بە توانا گەورەکانی لە دیواربەندی ڕووی کێشە جۆراو جۆرەکانی جیهان هەڵ مالێت و جیهانی لێ ئاگادار کاتەوە بە ڕوونی .[Auriemma: 2019]"یەکێک لەکارە گرینگەکانی کە لەسەر دیواری فەلەستین کێشاویەتی وەک وێنەی (٦) دا دەبینرێت. کە وێنەکە پێک هاتووە لە باگراوندێکی شینی ئاسمانی کە چوارچێوەکەی وەک درزێک درووست کردووە وە هێڵەکانی درزی دیوارەکانی وەک خۆی داناوە ئەمەش وا پیشان دەدات کەوا فەلەستین بۆتە گەورەترین بەندینخانەیەکی کراوە لە جیهان. لە وێنەکەدا کەوا منداڵێکی بە هونەری گرافیتی دروست کردووە کە سەتڵێکی زەردی لە دەستە لەگەڵ فلْچەیەک وەک ئاماژە بەوە دەکات کە نەوەی منداڵانی بێتاوان ژیانیان لەنێو دیوارێکی چیمەنتۆی گەورە دەژین. وانیشان دەدا کەوا منداڵان داهاتووی خۆیان ڕەنگ بکەن، خەون و ئارەزوویان بهێننەدی.



وێنەی (٦) بانکسی: دیواری فەڵەستین کەرتی رۆژئاوا (٢٠٠٥)

هونەرمەندێکی تر کە بەناو بانگە لە وێنەی دیواربەندی هاوچەرخ ئەویش کە ناوی بلو(Blu) ە مانای (ڕەنگی شین) ناوێکی خوازراوە بۆ هونەرمەندێکی ئیتالْی ئەویش بە هەمان شێوە ناسنامەی ڕاستەقینەی نادیارە، وە ستایلی تایبەت بە خۆی هەیە. "بەرهەمەکانی لە جیهان دا دەبینرێن و شێوازەکەی بە ئاسانی دەناسرێن. کارەکانی لە شوێنی هەمە جۆر و هەروەها لە شوێنی پیشەسازیش دەکێشێت. بلو وەک زۆربەی هونەرمەندەکانی سەرشەقام بە بۆیەی سپرا دەستی بە هونەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنەکێشانی گرافیتی سەردیوار کرد. بەخێرای ناسراو ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێنا، ئەویش بە وێنەکێشانی زنجیرەی گرافیتی لە گەرەکەکانی شاری (بۆلۆنیا) لە ئیتاڵیا. لەو چەند ساڵەی دوای دەست پێکردنی لەکارەکانی لە سەرەتاکانی ساڵانی (٢٠٠٠) دا شێوازی گرافیتی بلو گۆرانکاری بەسەر داهات، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنی ئەو بۆیانەی کە بۆ ماڵ بەکار دەهات. هونەرەکەی زۆر سیمایەکی دراماتیکی دەگەیاند. هەر زوو دەستی کرد بە کیسانی فیگەری مرۆڤی زەبەلاح، کە زۆر جار لە ڕووکەش دا گاڵتە جارانە بوو لە هونەری کۆمیدی و یاری ڤیدیۆیی دەچوو ] ". https://www.streetartbio.com/artists/blu].بلو وێنەی کۆمپانیایەکی کێشاوە کەوا چاکەت و پانتۆڵی لەبەر دایە کەوا جیهان دەمژێت و ووشکی دەکات. لەسەریدا تاجێکی زێرینی داناوە وە لۆگۆی دەوڵەمەند ترین کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهانی لەسەرە لەوانە شیفرۆن و شێڵ و ئیسۆ و تکساکۆ. وەک لە وێنەی (٧) دا دەبینرێ.



وێنەی (٧) بلو(Blu) ، مژینی جیهان و وشککردنی، (لیشبونە) لە پرتوگاڵ (٢٠١٠)

## ٣ -میتۆد و جێ بەجێکردنی شیکاری توێژینەوە:

### ٣-١کۆمەڵگەی توێژینەوە:

لەبەر زۆری ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە هونەری وێنەکێشانی دیواربەندی، توێژەر چەندین کاری وێنەکێشانی دیواربەندی لە ئەوروپا هەڵدەبژێرێت، تایبەتمەندی وێنەکێشانی دیواربەندی هونەرمەندانی ئەوروپا بە بە نموونە، لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٢٢) بەپێی سنووری توێژینەوەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پاییز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣-٢نموونەی توێژینەوە:**

هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی شێوازێکی مەبەستگەرا کراوە بە شێوەیەك لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە بگونجێت. هەروەها لەگەڵ سنووری توێژینەوەش یەکانگیر بێت، بەشێوەیەك توێژەر لەو بەشەدا (٣) سێ کار شی دەکاتەوە کە تیایدا کاریگەری ژینگەیی وێنەی دیواربەندی هاوچەرخ نیشان دەدات.

**٣-٣ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:**

سەرچاوەی نموونەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەڕاوە بۆ بەدەست هێنانی نموونەی گونجاو بۆ توێژینەوەکە، ئەمەش لە ڕێی گەڕان، پشتی بەستووە بە کتێب و کوراسەی هونەری، واتە وێنەی دیواربەندی لە کتێبی باوەڕپێکراو و ماڵپەری باوەڕپێکراوی ئەکادیمی لە ئینتەرنێت و تۆڕی کۆمەڵایەتی fb ی هونەرمەندانەوە.

**٣-٤میتۆدی توێژینەوە:**

توێژەر بۆ شیکردنەوەی نموونەکان میتۆدی وەسفی شیکاری بەکار دەهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەم میتۆدە خاوەنی کۆمەڵێ خەسڵەتە و لە بەرژەوەندی توێژینەوەکەدایە وە گونجاوە لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکەو ئەنجامەکانی.

**٣-٥ئامرازی شیکار کردن:**

پشت بەستە بە (میتۆدی وەسفی شیکاری) کە بەم ڕێز بەندیەی خوارەوە دەکرێت.

١. چاو پیاخشاندن. ٢. سیستەمی کۆمپۆزشن (لایەنی پێکهاتەیی). ٣. ماتریاڵ و تەکنیکی خستنەروو.
٤. ژێدەر و واتا. ٥. ڕێبازی کارکردن.

شیکردنەوەی نموونەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پاییز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (١)

ناونیشان: لەناوبردنی دارستانەکان

ناوەڕۆک: پیسبوونی ژینگە

هونەرمەند: بلو(Blu)

ڕێکەوتی بەدیهاتن: ٢٠٠٩

شێواز: ژینگە

ژانر: وێنەکێشانی دیواربەندی

قەبارە :

شوێنی نمایش: شاری بلگراد وڵاتی سربیا

لەناوبردنی دارستانەکان کارێکی دیواربەندی هونەرمەند بلوە لە ساڵی ٢٠٠٩ لە شاری بلگراد لە وڵاتی سبریا وێنەی دیوار بەندیەی کێشاوە لەسەر دیواری بینایەک دەکەوێتە دەروازەی شارەوانی ستاری گراد (شارۆچکەی کۆن) دڵی بێلگراد، کۆی کارەکە بریتیە لە دوولا دیوار کە گوزارشت دەکات لە پیاوێک کە دارێکی بەدەستەوەیە، پیاوی بازرگانێک نیشان دەدات کە دار دەخوات و لەجیاتی ددانەکانی بیناکان نیشان دەدات. لێرەدا هێماکان ڕوونە، کە پیاوەکە چاکەتێکی لەبەرە لەگەڵ ریباتێکی لە ملە، ڕەنگی کارەکە بریتیە لە ڕەنگی ڕەش و سپی و سەوز. بۆ یە هونەرمەند ئەم وێنەی لەم شارە کێشاوە چونکە بویتە هۆی لەناو چونی دارستانەکان بەهۆی بیناو کارگەکانەوە، ئەمەش بووە هۆی پاڵنەرێک کە

هونەرمەند ئەم کارەی لەم شارە دروست بکات، بە جۆرێک وا لەبینەر بکات لە دیدی یەکەم دا خۆی لە نێو تێک چونی سروشت و پیسبونی ژینگە بەرجەستە بکات. وێنەکە بەجۆرێک کێشراوە کە لە بینایەکی بەرزدایە تاوەک و بینەر بتوانێ بە جوانترین شێوە لە دورەوەش ببینێ.

لەناوبردنی دارستانەکان قەبارەیەکی گەورە لە خۆ دەگرێت کە بە شێوەیەکی گرینگ کێشراوە، بینەر بەدیتنی ئەم کارەدا کاریگەریەکی گرینگی بۆ دروست دەبێت، بەهۆی ددانەکان و دارەکەی دەستی بینەر راستەوخۆ خۆی لەناو کارەکە دەدۆزێتەوە، وێنەکە کاریگەری خۆی بەسەر بینەر جێدەهێڵێت.

هەر بە بینینی ئەم کارەدا بینەر راستەوخۆ ڕوبەڕوو دەبێتەوە بە لە ناو چوونی دارستانەکان، بەهۆی دروست کردنی بیناکان کە دەبێتە هۆی لە ناوچوونی سەوزایی و تێک چوونی ژینگەو سروشت، بابەتە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ بینەر و ئەوشوێنەی کە وێنەکەی لێ کێشراوە، ڕاستەوخۆ کە دەبینێت وێنەکە پێک هاتووە لە پیاوێکی باڵادەست و بازرگان کە  ددانەکانی بویتە بە بینا بەرزەکان کە دارەکە بۆ ناو دەوی دەبات، چونکە ئەو بازرگانانە بیر لەوە ناکەنەوە کە سروشت چی بەسەر دێت، ئەوان تەنیا بە شوێن تەلارسازی کەوتوون، هەروەها گرینگی دیکە هەن کە ئەم وێنایە لای بینەر زیاتر بەرجەستەن وەک ڕەنگی ڕەش و سپی کە بۆیتە دروست کردنی بیناکەن لەجیاتی ددانەکان بۆ هاڕینی دارەکان و لاناو بردنی دارستان و دارەکان، وێنەکە پڕاو پڕ باس لە کارەسات و تێک چونی ژینگە دەکات. هونەرمەند بلو ئەوەمان نیشان دەدات کەوا لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە لە ناو چونی ژینگە هەیە بەهۆی کەم بوونی دارستانەکان و بڕینی دارەکان، کە دەبێتە هۆی کەم بونی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن، هەر بۆیە دەبێت شارەکەت هان بدەی بۆ ئەوەی داری زیاتر بچێنن، تاوەک و سروشتێکی باشمان هەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (٢)

ناونیشان: جەژنانەی وەرز

ناوەڕۆک: پیسبوونی ژینگە

هونەرمەند: بانکسی(Banksy)

ڕێکەوتی بەدیهاتن: ٢٠١٨

شێواز: ژینگە

ژانر: وێنەکێشانی دیواربەندی

قەبارە :

شوێنی نمایش: شارۆچکەی پۆرت تالبوت (Port Talbot) لە بەریتانیا

جەژنانەی وەرز کارێکی دیواربەندی هونەرمەند بانکسیە لە ساڵی ٢٠١٨ لە شارۆچکەی پۆرت تالبوت(Port Talbot) لە وڵاتی بەریتانا وێنەی دیوار بەندیەکەی کێشاوە لەسەر دیواری گەراجێک، کۆی کارەکە بریتییە لە دوو لا دیوار کە گوزارشت دەکات لە منداڵێک و سەبەتەی خۆڵێک، منداڵەکە بە بەفر داپۆشراوە بەفر بەسەری دا دەبارێت وێنەی منداڵەکە کە بە جلی زستانەی لەبەرە و یاری دەکات بەو یاریەی کە لە تەنیشتی دانراوە کە ئەویش یاری خشوکەی ناو بەفرە دڵی بە بەفر بارین خۆشە، کە لە ڕاستیدا خۆڵەمێشە لە سەبەتەیەکی سوتاوە وە لە دیوی دیوارەکەی تردا نیشانی داوە، کە وێنەی ئاگرێکی کێشاوە کەوا دوکەڵ و خۆڵەمێشی لێدەردەچێت، مەتریاڵی کارەکە بریتییە لە قوتوی سپرا، وە ئامادەکردنی پێداویستیەکانی لە ستۆدیۆ وە لە پاشان بۆماوەی چەند خولەکێک لە کاتی شەو لەو

شێوێنەی کە دیاری کردووە وێنەکە دەکێشێت، بەڕەنگی ڕەش و سپی و زەرد و پرتەقاڵی. بۆیە وێنەکەی لەم شوێنە کێشاوە چونکە بە پیسترین شارۆچکەی بەریتانیا دادەنرێت، لەبەر بوونی کارگەی ئاسن کەوا بۆتە هۆی کۆچ کردنی زۆری خەڵکی ئەم شارۆچکەیە، ئەمەش پاڵنەرێک بوو کەوا بانکسی ئەم شوێنە هەڵبژێرێت.  بەجۆرێک وا لە بینەر بکات لە دیدی یەکەم دا خۆی لەنێو پیسبوونی ژینگە بەرجەستە بکات. وێنەکە بە جۆرێک کێشراوە کە بینەر بتوانێت لە زاویە و لە لایەکانیش تەماشایان بکات.

جەژنانەی وەرز قەبارەیەکی جیاواز لە خۆ دەگرێت کە بە شێوەیەکی زاویەیی دروست کراوە، بینەر بە دیتنی ئەم کارەدا کاریگەریەکی گومان لێکراوی بۆ دروست دەبێت، بەهۆی ئەو دوکەڵ و ئاگرەوە کە دەکەوێتە سەر منداڵەکە، بەهۆی تۆپەلە خۆڵەمێشەکە کە بەسەر منداڵەکە دێتە خوارەوە بینەر ڕاستەوخۆ خۆی لە ناو کارەکە دەدۆزێتەوە، ڕەنگی سپی تۆپەڵە بەفرەکە یاخود خۆڵومێشەکە سەراپای منداڵەکەی داگیرکردووە کاریگەری خۆی بەسەر بینەر جێدەهێڵێت.

بینەر هەر بەدیتنی ئەم کارە ڕوبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ ژینگەو سروشتی ئەو شوێنەی کە وێنەکەی لێی دروست کراوە، بابەتەکە ڕۆڵێکی گرینگە بۆ بینەر، ڕاستەوخۆ وێنەی سەبەتە خۆڵەکە و مناڵەکە دەبینێت کە لە زەینی خۆی دا مناڵێک دەبینێ کە دەستەکانی بەرز کردۆتەوە بۆ ئاسمان تۆپەڵە بەفر دەگرێت بەدەستەکانی و بە دەویشی کردیتەوە بە زمانی بەفرەکان دەخوات، ئەویش بەهۆی لێکچوون و نزیکی شێوەکە لەم شێوەیە، هەروەها ئامرازگەلێکی دیکە هەن کە ئەم وێنانە لای بینەر زیاتر بەرجەستە دەکەن وەک ڕەنگی ڕەش و سپی کە هەم بویتە خەڵوز و هەمیش بویتە تۆپەڵە بەفر، بەڵام دوو وێنەی جیاواز، لای یەکەمیان سروشتێکی جوان و ئاسودەبەخش بۆ بینەران لای دووەمیشیان وێنەیەکی پڕاو پڕ لە کاراسات و تێک چونی ژینگە و سروشت. کۆی گشتی کارەکە هەڵگری کۆنتراستێکی بەهێز لە وێنەکەدا. ئەمەش خۆی پرسیارێکی جدی لای بینەرەکە دروست دەبێت. وە هونەرمەند بانکسی ئەوەمان پێڕادەگەیەنێت کەوا لە هەموو کەلێنێک و قوژبنێکی ئەم جیهانە پیس بوونی ژینگە هەیە لە هەڵبژاردنی ئەم ڕوکنە وا دەگەیەنێت، هەموو کەسێکیش دەبێتە قوربانی وە بە تایبەتیش منداڵ، وە لە وێنەکەدا کەس لەلای ئاگراکە نیە کێشە ئەوە نیە کێ ئاگری کردۆتەوە کێشەکە ئەوە دەرئەنجامە خەراپەیە کە لە پیس بوونی ژینگەیە دروست دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پاییز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



وێنەی (٣)

ناونیشان: گرێتا تونبێرگ چالاکوانی دژی گۆرانی کەش و هەوا

ناوەڕۆک: پیس بونی ژینگە

هونەرمەند: جودی تۆماس(Jody Thomas)

رێکەوتی بەدیهاتن: ٢٠١٩

شێواز: ژینگە

ژانر: وێنەکێشانی دیواربەندی

قەبارە: ١٥م

شوێنی نمایش: شاری بریستول وڵاتی بریتانیا

گرێتا تونبێرگ دیواربەندی هونەرمەند جودی تۆماسە لە ساڵی ٢٠١٩ لە شاری بریستول وڵاتی بریتانیا ئەم وێنە دیواربەندیەی کێشاوە لەسەردیوارێک، کۆی کارەکە بریتیە لە کچێک کە ناوی گرێتایە کچێکی چالاکوانی دژی گۆڕانی کەش و هەوایە، قەبارەی وێنەکە ١٥م لە شێوەی چوار گۆشەدایە، گرێتا لەناو ئاودا با جلێکی زستانە و تاکو ژێر کەپوی ئاوە لە ژێرەوە لەناو ئاوەکەدا ورچێکی سپی هەیە، لەسەرەوە دوو چیای بەفرین هەیە کە خەریکە دەتوێنەوە، هەروەها لە ئاسمانەکە پێک هاتووە لە ڕەنگی تاریک و روناک کە هونەرمەند ئەوەمان نیشان دەدات کە گۆی زەوی بەرەو تێک چون دەڕوات، تابلۆکە پێک هاتووە لە دووبەش بەشی سەرەوە کە پێک هاتووە لە ڕەنگە گەرمەکان هەروەک زەرد لە دژی بەرانبەری

کە ڕەنگی ڕەساسیە کە پێک هاتووە لە ڕەنگە دژ بەیەکەکان بەشی خوارەوەشی پێک هاتووە لە هارمۆنیەکی شینی پیرۆزی. هونەرمەند بۆیە ئەم کارەی کێشاوە چونکە گرێتا وەک ئایکۆنێک دیارە کە چالاکوانێکی بەناوبانگە لە پاراستنی ژینگەو بەرەنگاربونەوەی کەشو هەوا، وێنەکە شێوەیەکی وا کێشراوە کە لە بینایەکی بەرزدایە تاوەک و بینەر بتوانێ بە جوانترین شێوە لە دورەوەش ببینێ.

گرێتا تونبێرگ چالاکوانی دژی گۆرانی کەش و هەوا قەبارەیەکی گەورە لە خۆدەگرێت بەشێوەیەکی گرینگ کێشراوە، بینەر بە دیتنی ئەم کارە راستەو خۆ گرێتای چالاکوان دەبینێت، بەهۆی بینینی کارەکە بینەر ڕاستەوخۆ هەست بە گۆڕانکارەکانی کەش و هەوا دەکات، وێنەکە کارلە بینەردەکات بەهۆی چالاکوانی ئەم کچە کاریگەر دەبێت لەسەر بینەر.

هەر بە بینینی کارەکە بینەر راستەخۆ ڕووبەڕوودەبێتەوە بە تێکچون و گۆرانکاری کەش و هەوا گۆی زەوی و تێک چوونی ژینگە، بەهۆی پیسکردنی ژینگەو کارگەو دروستکردنی بیناکان و هید... کارەکە ڕۆڵ و کارایی ژینگەیی بەرجەستە دەکات، وێنەکە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو بەشەی گرێتا لەناو ئاوەکەیە کە پرە لە ژیان و پێخەوشی و پاکی بەڵام بەشی لەی سەرەوە گرێتا پڕە لە دوکەڵ و تاریکی، هەروەها ڕووناکیەکیش بەدی دەکرێت لە وێنەکە واتا بەرەنگار بونەوە و چارەسەریش هەیە بۆ چاک بوونەوەی کەش و هەوا، هونەرمەند جودی تۆماس ئەوەمان نیشان دەدات کەوا لە هەموو شوێنێک ئەم جیهانە لەناو چونی ژینگە هەیە، بەهۆی تێک چونی کەش و هەوا و پیس بونی، لێرەدا بینەر ئەوەی بۆ روون دەبێت کە تێک چونی ژینگەو لەناوچونی سروشت دەبێتە هۆی لەناو چونی مرۆڤ، هەروەها هونەرمەند بە وێنەکە باسی بەرز بوونەوەی ئاستی ڕووبەری دەریاکان دەکات بەهۆی توانەوەی بەستەڵەکەکان هەردوو جەمسەری زەوی بەهۆی بەرز بوونەوەی پلەی گەرما ئەویش بە هۆی دوکەڵ و خۆڵەمێش و هید...هەربۆیە نابێت ژینگە لەناو ببەین با ژینگە بپارێزین ژینگە واتە ژیان.

## ٤-ئەنجام و دەرئەنجام.

### ٤-١ ئەنجام:

١. لەگەڵ پێش کەوتن و گۆڕانکاریەکانی جیهان هونەریش بەرەو گۆڕانکاری و بەرەو پیش چوون دەڕوا، هونەر دەبێتە ئیلهامێک بۆکاری ژینگەیی و بەرەنگاربونەوە، هەربۆیەش دیوارەکانی شار دەبێتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شوێنێک بۆ پەیامی هونەری گرینگ لەشەقامەکان، وێنەکیشانیش لەسەر دیواری شەقامەکان بە باشترین شوێن دادەنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و ئەو دروشمانەی کە باس لە ژینگە پارێزی و گۆڕانکاری ئاوهەواو لە گۆی زەوی دەکەن.

٢. هەر وێنەیەک لە وێنەکانی هونەری دیواربەندی هاوچەرخ دەتوانین بڵێین شۆڕشێکە لە بەرەنگاربوونەوەی سیستەم لەجیهاندا لە دژی کێشەکانی سەردەم. هەموو هونەرمەندان بەهرەکانیان خستۆتە گەڕ بۆ ڕاگەیاندنی توڕەبوون و ڕەتکردنەوەی سیستەم.

٣. هونەر بە گشتی و هونەری وێنەی دیواربەندی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هوشیارکردنەوەی خەڵک هەیە و وا دەکات گرفت و کیشە ژینگەییەکان بخاتەڕوو.

٤. بەهۆی دروست کردنی بیناکان کە دەبێتە هۆی لە ناوچوونی سەوزایی و تێک چوونی ژینگەو سروشت، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کەوا لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە لە ناو چونی ژینگە هەیە بەهۆی کەم بوونی دارستانەکان و برینی دارەکان، کە دەبێتە هۆی کەم بونی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن.

٥. کەوا لە هەموو شوێنێک ئەم جیهانە لەناو چونی ژینگە هەیە، بەهۆی تێک چونی کەش و هەوا و پیس بونی، لێرەدا بینەر ئەوەی بۆ روون دەبێت کە تێک چونی ژینگەو لەناوچونی سروشت دەبێتە هۆی لەناو چونی مرۆڤ.

٦. بینەر راستەخۆ ڕووبەڕوودەبێتەوە بە تێکچون و گۆڕانکاری کەش و هەوا گۆی زەوی و تێک چوونی ژینگە، بەهۆی پیسکردنی ژینگەو کارگەو دروستکردنی بیناکان و هید... کارەکە ڕۆڵ و کارایی ژینگەیی بەرجەستە دەکات.

**٤-٢ دەرئەنجام**

١. هونەری دیواربەندی یەکێکە لە داهێنەرەکانی مرۆڤ، لە ڕێگای ئەم هونەرەوە توانیتیان ڕووداو بیرۆکەکانی خۆیان تۆمار بکەن لە مێژوو.

٢. هونەرمەندان کاریان کردووە لەسەر دیوارەکان بە چەندین شێوەو سیما.

٣. هونەری وێنەکێشانی دیواربەندی بۆ چەندین هۆکار و مەبەست بەکاریان دەهێنا لە ژیانی رۆژانەیان وەک: ژینگە و ئاین و کۆمەڵایاتی و شەر و جوانی و هیتد...

٤. هونەرمەند زیاتر بریاری خودی لەسەر دەبێت، وەک هەست کردن بە ژینگە و سروشت، بۆیە هونەر لە هەموو جیهان هەڵگری نامەیەکە بۆ بینەرەکەی، وە مەبەستی هونەرمەندی تێدا نوسراوە.
٥. تایبەتمەندی ئەم هونەرە وەک ژێر خان وایە بۆ بەرز ڕاگرتنی هونەری دیواربەندی بەشێوەیەکی گشتی بە تایبەتی بابەتی ژینگەیی.

### ٤-٣ ڕاسپاردە:

دوای ئەوەی توێژەر ئەنجام و دەر ئەنجامی خستەڕوو، توێژەر ئارەزوو دەکات ئەوەی لە داهاتوو بیکات بە ڕاسپاردە:
١. پێویستە وێنەکێشانی دیواربەندی لە نێو شوێنە ئەکادیمیەکان گرینگی پێبدرێت وەک میتۆدێک لە پەیمانگا و کۆلێژی هونەرە جوانەکان خوێندنەوەی زیاتری بۆ بکرێت و قوتابیان و هونەرمەندان ئاشنایەکی زۆر پەیاکەن لەم بارەیەوە.
٢. گرینگی پێبدرێت بۆ ئەرشیف کردنی کارە هونەریەکان و دەست نووسە هونەریەکان لە شوێنە ئەکادیمی و زانستیەکان.

### ٤-٤ پێشنیار:

توێژەر پێشنیار دەکات بەم توێژینەوەی خوارەوە:
١. گرینگی ژینگەیی لە وێنەکێشانی دیواربەندیدا.

## سەرچاوەکان:

فەرهەنگەکان:
١- قەرەداغی، سەروەر: ٢٠١٥: ژینگە و ڕێکخراوە ژینگەییەکان لە باشووری کوردستان (١٩٩١- ٢٠١٥): چاپخانەی چوارچرا.
٢- جمينيز مارک: ٢٠١٢: الجمالية المعاصرة: الاتجاهات والرهانات: د.كمال بومنير: منشورات جفاف: بيروت.
3- https://en.wikipedia.org/wiki/Mural.
سەرچاوەی کوردی:

١- عەبدالقادر وهاوكارانی: ٢٠١١: سەرچاوەكانی پیسبوونی ژینگە و كاریگەرییەكانی چەمچەماڵ بە نموونە: چاپخانەی ماردین: هەولێر.
٢- عەجورە، موحەمەد ئەلسەید: ٢٠١٤: پیسبوونی ژینگە و جۆرەكانی: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان: سلێمانی.
٣- هۆچ، سۆزی: ٢٠١٧: مێژووی هونەری شێوەكاری: هەڵگورد ئەحمەد لەئینگلیزیەوە كردوویە بە كوردی: ناوەندی غەزەلنووس- بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە: چاپی یەكەم: سلێمانی.
سەرچاوەی عربی:
١- الهيجان وآخرون: ٢٠١٣: فن الجداريات: اصوله وتقنياته: مجله بحوث التربيه النوعيه: عدد:٢٨.
٢- ستالابراس جوليان: ٢٠١٤: الفن المعاصر: مروه عبدالفتاح شحاته: مقدمة قصيرة جدًا: هنداوی: القاهيره.
٣- ابوزيد، احمد: ١٩٨٤: اصوات من الماضى: مجله عالم الفكر: المجلد:١١: العدد:١.
٤- رياض، عبدالفتاح: ١٩٧٣: التكوين في الفنون التشكيلية، ط1، دار النهضة المصرية، مصر.
٥- بدوی، احمد زەكی: ١٩٨٦: معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت.
٦- عبدالحميد، احمد يحی: ١٩٩٨: الاسرة و البيئة، تقديم ومراجعة : عبد الهادي الجوهري ،المكتب الجامعي الحديث، الإسكندرية. صاحب والخطاط (د.زهير و د.سلمان): ١٩٨٧: تاريخ الفن القديم في بلادوادي الرافدين : مطبعة التعليم العالي بغداد.
٧- الصراف، امال: ٢٠٠٤: موجز في تاريخ الفن: مكتبة المجتمع العربی: الطبعة الاولي: عمان.
٨- علام، نعمت اسماعيل: ١٩٧٥: فنون الشرق الاوسط, من الغزو الاغريقي حتی الفتح الاسلامی: دارالمعارف بمصر.
گۆڤار و بڵاوكراوە ئەلكترۆنیەكان:
١- پیربال، فەرهاد: ٢٠٠٣: دیوارنیگاری: گۆڤارێكی هونەریی شێوەكاریی وەرزییە دەزگای مێرگ دەریدەكات، شێوەكاری: ژمارە (٢) ساڵی یەكەم.
٢- الشريف والقماش: ٢٠٢١: قماش بن علی حسين و اروی شاهر حامد: معايير التصميم الجداريه من وجههالنظر الفنانين التشكيليين: مجله الزرقاء البحوث والدراسات الانسانيه: المجلد الواحد والعشرون: العدد الثانی.
3- https://www.france24.com
4-https://auralcrave.com/en/2019/06/19/banksy-the-best-paintings-and-the-meaning-of-his-art
5- Auriemma, Rosita: 2019: Banksy: the best paintings and the meaning of his art. 23\5\2022

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی( ٨ ) – ژمارە ( ٤ ) پاییز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6-https://www.streetartbio.com/artists/blu
24\5\2022
7-https://mawdoo3.com
الجويفل، صهيب: ٢٠٢٢: مميزات البيئة الطبيعية: موضوع.

## Environmental Subjects of Contemporary Mural Drawings

**Avan Imad Bakr**
Department of Painting, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
avanguzal@gmail.com

**Prof. Dr. Mawloud Ibrahim Hassan**
Department of Kurdish Language, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Mawlud.hassan@su.edy.krd

***Keywords***: *Art, Artist, Environment, Mural, Contemporary*

## Abstract

We all, whether humans, animals, trees, or plants, share one environment, and we cannot live outside of this environment. Therefore, the environment affects us, and we also affect the environment. After human progress and needs have increased, their waste has also had a huge negative impact on the environment. Art is one of the ways through which we can defend the environment from the negative impact of humans and human waste. On the other hand, art, especially contemporary art, has raised awareness among people about such negative impacts on the air, water, and land environment. This research is an attempt to study of environmental subjects of contemporary mural drawings in displaying environmental disasters in relation to the negative impact of humans on the environment. The research consists of four parts: Part I) includes a general framework, in which the problems, importance, objectives,

limitations, and definitions of terms which the research presented. The researcher discusses the research problem: can the environment be changed through mural art? We have also defined terms such as an environmental, mural, and contemporary. Part II) includes a Theoretical Framework of the research consisting of three themes: 1. Concept of environment and its types. 2. History of murals in ancient times, and 3. History of the contemporary mural. Part III) includes methodology and implementation of research analysis including the analysis of several examples of contemporary mural art. Part IV) consists of results, conclusion, and recommendations, as well as a list of references.

**الملخص**

نحن جميعا ، سواء كنا بشرا أو أو أشجارا أو نباتات ، نتشارك في بيئة واحدة ، ولا يمكننا العيش خارج هذه البيئة. لذلك ، تؤثر البيئة علينا ، ونحن نؤثر أيضا على البيئة. بعد أن زاد التقدم البشري والاحتياجات ، كان لنفاياتها أيضا تأثير سلبي كبير على البيئة. الفن هو أحد الطرق التي يمكننا من خلالها الدفاع عن البيئة من التأثير السلبي للبشر والنفايات البشرية. من ناحية أخرى ، أدى الفن ، وخاصة الفن المعاصر ، إلى زيادة الوعي بين الناس حول هذه الآثار السلبية على الهواء والماء وبيئة الأرض. هذا البحث هو محاولة لدراسة الموضوعات البيئية للرسومات الجدارية المعاصرة في الكشف عن الكوارث البيئية فيما يتعلق بالتأثير السلبي للإنسان على البيئة. يتكون البحث من أربعة أجزاء: الجزء الأول) يتضمن إطارا عاما، يتناول المشكلات والأهمية والأهداف والقيود وتعريفات المصطلحات التي عرضها البحث. تناقش الباحثة مشكلة البحث: هل يمكن تغيير البيئة من خلال الفن الجداري؟ لقد عرفنا أيضا مصطلحات مثل البيئة والجدارية والمعاصرة. الجزء الثاني) يتضمن الإطار النظري للبحث الذي يتكون من ثلاثة محاور: 1. مفهوم البيئة وأنواعها. 2. تاريخ الجداريات في العصور القديمة، و 3. تاريخ الجدارية المعاصرة. الجزء الثالث) يتضمن منهجية وتنفيذ تحليل البحوث بما في ذلك تحليل العديد من الأمثلة على الفن الجداري المعاصر. الجزء الرابع) يتكون من النتائج والاستنتاجات والتوصيات، فضلا عن قائمة من المراجع.